# شەهیدانی یەکی شوبات ئەحمەد دەشتی

کاتێ بەیەکەوە سەفرتان کرد
پەردەی تاریک ئاسۆی گرتین
بووینە خەمی نەبڕاوەمان
بە هۆی ژانی زام و گرین

نەمان زانی کە بەم جەژنە
جێمان دێڵن سەفەر دەکەن
بۆ هەمیشە ئێوەش دەڕۆن
ماڵاوایی لە یاران و دۆستان دەکەن

بە هیوا بووین کە ڕۆژێ بێ
هەموو وێکڕان ژوان بەستین
هەتا ئاڵای سەربەخۆیی بڵند نەکەین
هەمو وێکڕان قەت نەوەستین

بەڵام داخم کەوا ئێوە
لە سەفەری جاویدانی نەگەڕانەوە
لە سەر لوتکەی بەرزی ژیان
ناوی ئێوە نوسرایەوە

بە هیوا بووین هەموو وێکڕان
ئارامیەکان وەدی بکەین
کەچی هاتن دەست ڕەشەکان
لێنەگەڕان هیواکانمان تۆمار بکەین

لە غوربەت و دەربەدەری
پڕ لە گریان جێتان هێشتین
لە گولخەنی ئازاران دا
بی هەتوانی زامتان کردین

دەهوون برۆن کۆڕ ببەستن
لە گەل یاران لە کاروانی بەختەوەری
وا مانەوە و قەت نەمردوون
شەهیدانی ڕێێ سەروەری

ئێوەی جاوید سەر بڵندن
کاکە سامی و شەوکەتەکەم

مەهدی گیان و جوتەبرازا ئارامەکەم
جاویدانی وابەشتانە لە خاکەکەم

کاکە مەحمود هالۆی ئازیز
هۆ سەعد گیان برای شیرین
کاکە مەنتک ڕۆلەی مەتین
ڕۆژ بەیانی  دڵ پڕ ئەوین

هۆ شەهیدان کاکە خالید
یارەکانی شاری دێرین
ڕۆلەکانی مەهدی و سامی
بەهەشتیانی کوردی ئەمین

خەسرۆ شێرە یارەکانی سەوز رەنگم
هۆ مەلبەندی شەهیدانم
لقی دووکەی قارەمانم
سڵاو لێتان شەهیدانم

شەهید نامرن هەر زیندوونە
هەڤالانی هەر لە یادمان
ئەی پێشمەرگە دلێرەکان
شەهیدانی بار گرانمان

ئێمڕۆ یادی ئێوە دەکەین
چەپکە گولان وا ڕێز دەکەین
بۆ سەر گلکۆی شەهد دەبەین
سەری ڕیزو نەوازشمان نەوی دەکەین

شەهید نامرێ لە دڵی کوردە
باستان دەکا هەرکێ مەردە
ئەی شەهیدان قارەمانان
چرای ڕۆنی ئەم سەر هەردە

هەزار نەفرین بۆ دوژمنان
بۆ گشت ئەوەی دژ بە کوردە
وا بکوژ و  وا  نامەردە
دڕکی ڕێگای گەل و هەردە

نەعلەت لەوەی کە دوژمنە

دژ به خاكى كورد كرمنه
داگيركەرى كوردستانە
داواكارى مەرگى منە

بژى كوردو كوردستانم
بمرن هەموو نەيارانى كوردزمانم
سڵاو لە گشت شەهيدانمان
نامرن لە دڵى نيشـــــتمانم
1 شوباتى 2006 بە يادى شەهيدانى شارى ديرينمان